ئەم لاپەڕەیە بە سپۆنسەری کۆمپانیای نالیا چاپ‌و بڵاوەکریتەوە
نالیا . بۆ وەبەرهێنانی خانوبەرە

عەلیزادە: کوردستان باوەڕی بەریفۆرمخوازەکان نییە

ئیبراهیمی عەلیزادە: ئامانجی ریفۆرمخوازەکان، گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لەدەزگای دەسەڵاتی جمهوریی ئیسلامیدا نییە

AFP

■ ئا: سنوور

ئیبراهیمی عەلیزادە، سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە سەبارەت بەدوا گۆڕانکارییەکانی ئێران‌و کوردستانی رۆژهەڵات دەدوێت.

*هۆکاری درێژەکێشانی ئەم رووداوانە چین‌و چاوەڕوانی چی تریان لێدەکرێت؟

- ئەم ئەزمە سیاسییەی کە ئێستا لەئێران تەقیوەتەوە، ئاکامی دوو واقیعی جیاوازن، یەکیان کێشەکانی ناوخۆی رژێم‌و ئەویتریان ناڕەزایی‌و بێزاری جەماوەری خەڵکە لەڕژیمی کۆماری ئیسلامی. هەبوونی کێشەی ناوخۆیی لەناو ریزەکانی کۆماری ئیسلامیدا دیاردەیکی نوێ نییە، ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە ئەم دیاردەیە گەیشتووتە ئاستێک کە پێکەوەژیانی دوو باڵە سەرەکییەکەی ناوخۆی رژێم گەلێک دژوار بۆتەوەو باڵی ویلایەتی فەقیە‌و خامنەیی واتە موحافیزەکارەکان لەچوار ساڵی رابردوودا زەمینەیان خۆشکردووە، بۆ ئەوەی باڵەکەی تر لەدەزگاکانی دەسەڵات بەتەواوی دوور بخەنەوە. نەک هەر هەڵبژاردنی دەورەی دەیەم، بەڵکو هەڵبژاردنی دەورەی پێشووش کە رەفسەنجانی لەرکەبەری لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد دا شکستی خوارد، هەڵبژاردنەکە بەشێوە کودەتایەکی سوپای پاسداران لەدژی رەفسەنجانی‌و باڵەکەی ئەو ناودەبرا. لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا سوپای پاسداران لەڕێگای ئەحمەدی نەژادەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتبووە ناو دەزگای بەڕێوەبەری دەوڵەتەوە زیاتر لەچوارەدە وەزیرو ژمارەیەکی زۆر لەمودیرانی بالای وڵات لەئەندامانی سوپای پاسداران بوون.

*پێت وایە ئەم ناڕەزایەتییانە، ئالۆگۆڕ لەڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دروستدەکات؟

- ئامانجی ریفۆرمخوازەکان، گۆڕانکاری بنەڕەتیی لەدەزگای دەسەڵاتی جمهوریی ئیسلامیدا نییە. ئەوان بۆ پاراستنی رژێمی ئیسلامی‌و میراتی خومەینی ستراتیژییەکی جیاوازیان هەیە‌و تەنانەت ناوی ریفۆرمخوازیش زۆر بەباڵایان نەبڕاوە. دەسەڵات لەناو ئەوان‌و باڵی موحافەزەکاردا دابەشبوو بەو مەرجەی کە باڵی موحافەزەکار دەستی بەسەردا هەبوو. زۆرترین تەوەقوعی ریفۆرمخوازەکان ئەوەیە کە هاوسەنگییەکە بخەنەوە جێگای خۆی‌و پێش بەسرپینەوەی یەکجاری خۆیان بگرن. بەڵام ناڕەزایەتی خەڵک لەئاستێکدایە ئەوان کە لەسەرەتاوە هاندەری بوون ئێستا پێیان کونترۆڵ ناکرێ.

*سەبارەت بەم روودانە ئێوە وەک سوپای پاسداران لەدژی رەفسەنجانی‌و باڵەکەی ئەو ناودەبرا. لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا سوپای پاسداران لەڕێگای ئەحمەدی نەژادەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتبووە ناو دەزگای بەڕێوەبەری دەوڵەتەوە زیاتر لەچواردە وەزیرو ژمارەیەکی زۆر لەمودیرانی بالای وڵات لەئەندامانی سوپای پاسداران بوون.

*پێت وایە ئەم ناڕەزایەتییانە، ئالۆگۆڕ لەڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دروستدەکات؟

- ئامانجی ریفۆرمخوازەکان، گۆڕانکاری بنەڕەتیی لەدەزگای دەسەڵاتی جمهوریی ئیسلامیدا نییە. ئەوان بۆ پاراستنی رژێمی ئیسلامی‌و میراتی خومەینی ستراتیژییەکی جیاوازیان هەیە‌و تەنانەت ناوی ریفۆرمخوازیش زۆر بەباڵایان نەبڕاوە. دەسەڵات لەناو ئەوان‌و باڵی موحافەزەکاردا دابەشبوو بەو مەرجەی کە باڵی موحافەزەکار دەستی بەسەردا هەبوو. زۆرترین تەوەقوعی ریفۆرمخوازەکان ئەوەیە کە هاوسەنگییەکە بخەنەوە جێگای خۆی‌و پێش بەسرپینەوەی یەکجاری خۆیان بگرن. بەڵام ناڕەزایەتی خەڵک لەئاستێکدایە ئەوان کە لەسەرەتاوە هاندەری بوون ئێستا پێیان کونترۆڵ ناکرێ.

*سەبارەت بەم رووداوانە ئێوە وەک هاوسەنگییەکە بخەنەوە جێگای خۆی‌و پێش بەسرپینەوەی یەکجاری خۆیان بگرن. بەڵام ناڕەزایەتی خەڵک لەئاستێکدایە ئەوان کە لەسەرەتاوە هاندەری بوون ئێستا پێیان کونترۆڵ ناکرێ.

*سەبارەت بەم رووداوانە ئێوە وەک هاوسەنگییەکە بخەنەوە جێگای خۆی‌و پێش بەسرپینەوەی یەکجاری خۆیان بگرن. بەڵام ناڕەزایەتی خەڵک لەئاستێکدایە ئەوان کە لەسەرەتاوە هاندەری بوون ئێستا پێیان کونترۆڵ ناکرێ.

*سەبارەت بەم رووداوانە ئێوە وەک بۆ پشتیوانیکردن لەو ئیعترازو ناڕەزایەتییانەی تاران؟

- لەناو خەڵکی کوردستانی ئێراندا بێ باوەڕییەکی زۆر قوڵ بەرامبەر بەریفۆرمخوازەکان هەیە، ئەو بێ باوەڕییە، رێگایان نادا بۆ ئەوەی کە بکەونە شوێن هیچ کەسایەتییەکی ئەوانو ئەو بانگەوازانەش کە ئێستا لەئێران دەکرێ، لەژێر رێبەریی ئەواندایە. لەبەرئەوە، خەڵک تا دڵنیا نەبن لەوەی کە بەرهەمی حەرەکەتی ئەوان ناچێتە کیسەی ئەو باڵەی ناو رژێمەوە ناڕژێنە سەرشەقام.

*ئەگەر ئێوەو حیزبی دیموکرات داوا لەخەڵکی کوردستانی ئێران بکەن بێنە سەر شەقام، پێتانوایە دێن؟

- بەبڕوای من دێنو دڵنیاشین لەوەی کە ئێمە لەکاتو شوێنی گونجاودا ئەو داوایەیان لێدەکەین، بیرمان لەهەموو لایەنەکانی کردووەتەوە.

- بەڕوخانی کۆماری ئیسلامی چ هاوسەنگییەکی سیاسی نوێ لەناوچەکەدا دروستدەبێت؟

- مەسەلە ئەوەیە چۆن بڕوخێ؟ ئەگەر لەئاکامی گەشەکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی تەریجی کە تێیدا خەڵک رێکخراوتر بن، خەڵک وشیارتر بنو بەدیلێکی پێشڕەوو پێشکەوتنخواز بێتە سەرکار، لەو حاڵەتەدا من پێموایە سیمای سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕادەیەکی زۆر دەگۆڕێ. هاوسەنگیی هێز لەهەموو ولاتانی ئیسلامی بەقازانجی بەرەی پێشکەوتنخواز دەگۆڕێ. هەر لەفەلەستینو لوبنانو لەهەموو شوێنەکانی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بەدەرەجەیەک نفووزی هەیە، لەعێراق تەنانەت ئاسەوارەی بەخێرایی دەردەکەوێ. بەڵام ئەگەر نەتیجەی ئەو وەزعییەتە بریتیبێ لەوەی کە گۆڕانکارییەکی ساکار لەناو کۆماری ئیسلامیدا پێکبێ، بۆ نمونە خامەنەیی بڕواو رەفسەنجانی بێتە جێگای، باڵی ریفۆرم دەورەیەک دەسەڵات پەیدا بکەن، لەو حاڵەتەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی پێکنایەت، بەڵام پێوەندیەکانیان لەگەڵ رۆژئاوا زووتر ئاسایی دەکەنەوە.

*ئەگەر ئەمەریکا داواتان لێ بکا بۆ بڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێوە ئامادەن هاوکارییان بکەن؟

- نەئەمەریکا داوایەکی ئاوامان لێدەکاتو نە ئەگەر بیکات ئێمە هاوکاری دەکەین. پێمانوایە ئەگەر بەدڵی ئەمریکا ئەو رژیمە بڕوخێ، بەدیلێک کە دێتە جێگایەن ئەو بەدیلە نییە کە بایی ئەو هەموو رەنج‌و فیداکاری‌و مەرارەتە بێ پێوەی دەکێشین.

* کاک برایم ئەگەر گۆڕان لەئێراندا رووبداو بەڕێزتان چوونەوە بۆ کوردستان، یەکەم شار کە ئەچیتە کوێیە‌و ناوەڕۆکی یەکەم وتارت بۆ خەڵکی چی دەبێت؟

- فەرق ناکات کام شار بێ. حەزدەکەم بچمە ئەو جێگایەی کە زۆرترین خەڵکی لێکۆدەبێتەوە، ئەگەر ئەوکات هاوسەنگی بەقازانجی بەرەی ریبازی سوسیالیستی‌و کرێکاری نەگۆڕا بێ، لێدوانم بۆ جەماوەری خەڵک ئەوە دەبێ کە نەکەونە شوێن ئامانجی لێڵو ناڕوون. کردەوەی هێزەکان بکەن بەپێوانەی هەڵسەنگاندنیان نەک بەتەنها ئیدعاو قسەکانیان. ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی‌و وشیارییەکی قوڵی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتییە.

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەئێران شکستی خوارد، خەڵک ئەبێ وریا بن ئەم ئەزموونە تاڵە دووپات نەبێتەوە. ئامانجی ئێمە تەنیا ڕاپەڕاندن نییە، بەڵکو ڕاپەڕاندنێکە کە لەهەمانکاتدا خەڵک بزانن بە چ ئاکامێک دەگات.

چۆن دەنگ بدەین؟

وشەی دەنگ مایەی سەرنجە. دەنگ سەدای دەربڕینە، زمانە. کاتێک لەنێو پرۆسەی دیموکراسیدا بیر لەدەنگ ئەکەینەوە، ئەوا دەپرسین: چیە ئەگەر دەنگت بدەیتە کەسێکی تر؟ ئەم پرۆسەیە یانی بەئارەزوی خۆت دەنگ لەخۆت وەرئەگریتەوە، خۆت بێدەنگ ئەکەیت، کەسێکی تر دەنگدار ئەکەیت. کاتێک لەگریکی کۆندا کە خەڵکی شار، هەمویان نا (چونکە ئافرەتو کۆیلەو بیانی مافی دەنگیان نەبوو)، کە کۆئەبونەوە، هەموو ئەوانەی کە ئامادە ئەبوون، هەرچەندە مافی دەنگیان هەبوو، دەنگ لێرەدا یانی دەربڕین، بەڵام لەکۆتاییدا هەمویان قسەیان نەئەکرد. کەواتە دەنگ توانایەکە کە پێویستە دەرفەتی بۆ بڕەخسێت.

ئێستا کە لەوڵاتی خۆمان بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکردوە، ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە، ئەوەیە دەنگ بە کێ بدەم؟ چۆن دەنگ بدەم؟ لێرەدا لەدوو روانگەوە، دەنگدەر دەبێ بیر بکاتەوە، یەکەم: چۆن دەنگدانم نەبێتە هۆی دەنگ لێسەندنەوەم، بێدەنگکردنم، هەروەها چۆن دەنگدانم ببێتە هۆی گەشەی دیموکراسی؟

لە روانگەی یەکەمەوە، دەبێ بیرکردنەوە بەو ئاقارەدا بێت، ئایا ئەو کەسەی یان لایەنەی کە دەنگی منی بەرئەکەوێ، یان من دەنگی پێئەبەخشم، کەسێک یان لایەنێکە کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دەنگی من، پێگەی من، توانای من، دەسەڵاتی من، بەرژەوەندی من؟ کەواتە ئەوەی کە شایستەی ئەوەیە دەنگی پێبدرێت ئەو کەسە یان لایەنەیە، کە دەنگی تاک دەخاتە پاڵ دەنگی کۆمەڵ بۆ ئەوەی هێزێک پێکەوەنێت بۆ ئەنجامدانی کار، روودانی گۆڕان، باشترکردنی بارودۆخ، خولقاندنی دەرفەت، وەلاکردنی دەرگاکانی داهاتوو، کە لە هەمانکاتدا لە قازانجی تاکو کۆمەڵ بێت.

ئەمە گرێ کوێرەکەی دیموکراسیە: چۆن تاکو کۆمەڵ پێکەوە گرێدەین؟ لێرەدا مەسەلەیەکی ئەخلاقی گرنگ دێتە ئاراوە. ئەخلاقێک کە عەلمانییە، جودایە لەئەخلاقی ئایینی. ئەم ئەخلاقە داوات لێئەکات، کاتێک تۆ بڕیارێ لەدەی کە دەنگ بدەی لەسەر ئەو بنەمایانە دەنگ بدەی کە بۆ خۆتو بۆ هەموان باشە. دەبێ وەها بیربکەیتەوە، ئەگەر شتێک بۆ هەموان قازانجی هەبوو ئەوا بۆ تۆش قازانجی هەیە، بەپێچەوانەوەش ئەگەر هاتوو شتێک تەنها بۆ تۆ یان بۆ کۆمەلێک خەڵک قازانجی هەبوو، بەڵام مایەی زیان بوو بۆئەوانی تر ئەوا لە رووی ئەخلاقیەوە رەوا نیە دەنگی بۆ بدەی.

بۆ نموونە گەندەلی دەبێتە مایەی قازانجێکی زۆر بۆ بڕێک، زیانێکی زۆر بۆ هەموان، ئەوا لەڕووی ئەخلاقیەوە، ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە، کارێکی ناڕەوا ئەکەی دەنگ بدەیتە هێزێک کە دژ بەگەندەڵی نیە. کاتێک دەڵێم ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە، مەبەستم ئەوەیە، کە تەنهاو تەنها مرۆڤ‌و ژیان‌و دەوروبەرەکەیت لەبیربێت کە دەنگ ئەدەیت، نەک میتافیزیکو یوتۆپیا. چونکە دیموکراسی تەنهاو تەنها کاتێک کار ئەکات کە مرۆڤەکان بڕوایان بەمرۆڤ هەبێت، هیچی تر.

با بێینە سەر روانگەی دووەم. یەکێک لەو پرەنسیپە گرنگانەی کاتێک کە دەنگ ئەدەیت ئەوەیە لە بیرت بێت کە دەنگ بۆ دیموکراسی ئەدەیت. مانای چیە کە دەنگ بدەی بەدیموکراسی؟

ئەمە چەند ئاستێکی هەیە:

یەکەم، مانای ئەوەیە کە دەبێ ئەو هێزەی دەنگی پێئەدەی بڕوای بەدیموکراسی هەبێت.

دووەم، دەبێ بڕوات بەوە هەبێت، کە ئەم دەنگە مانای مافی هەتایی، یان سەرتاسەری نیە بۆ کەسێک یان لایەنێک. ئەو شتەی کە هەرگیز دیموکراسی جێناهێڵی گومانو بێبڕواییە. ئەمە بەمانای ئەوەیە، کاتێک کەسێک دەنگ ئەدات، دەیەوێ کەسێک یان لایەنێک تاقیبکاتەوە، ببینێت کە چۆن لەکاتێکدا لە دەسەڵاتدایە هەڵسوکەوت ئەکات.

ئەگەر تۆزێک لە سەر خاڵی یەکەم بوەستین. ئالان بادیو لەدوا کتێبیدا بەناوی «ماناکانی سارکۆزی» باسی پرۆسەی دیموکراسی ئەکات. بادیو ئەپرسێت ئایا کاتێک کە خەڵکی ئەڵمانیا بەلێشاو هاتنو دەنگیاندا بە هیتلەر، ئەمە مایەی سەرکەوتنی دیموکراسی بوو؟

بادیو لەڕێی ئەم پرسیارەوە دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێت کە دیموکراسی تەنها بریتی نیە لەچون بۆ دەنگدان. بەڵکو هەروەها بریتیە لەچۆنێتی دەنگدان. ئەنجامی دەنگدانێک، هەرچەندە رێژەکەی زۆر بێت، نابێتە هۆی سەرکەوتن بۆ دیموکراسی، ئەگەر هێزی براوە هێزێکی دیموکراتخواز نەبێت.

لەم روانگەی دیموکراسیەوە، ئەی خوێنەری بەڕێز، دەبێ ئەو راستیە تاڵە لەبەرچاو بگریت، کە لەدونیادا هیچ هێزێکو پارتێکی سیاسی نیە دیموکراتخواز بێت. لەنێو دڵی هەموو پارتێکی سیاسیدا نهێنیەکی شاراوە هەیە، ئەویش ئەوەیە، چۆن هەتا هەتایە لەدەسەڵاتدا بم.

بۆیە هەموو بیرێکی سیاسی لەگەڵ خۆیدا بیری دژە سیاسەتی هەڵگرتوە. لێرەوە ئەرکی سەرشانی، تۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لەدیموکراسی بکەیت. هەموو هێزێکی سیاسی وەها لەدیموکراسی ئەڕوانێت کە شێوازێکە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بەڵام ئەرکی تۆیە وەک دەنگدەر، وەک هاوڵاتی، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا، کە داکۆکی لەمافی خۆت، لەدەنگی خۆت، لەڕۆڵی خۆت بکەیت. ئەگەر هەر ساتەوەختێک تۆ دەستبەردارى ئەو مافە بویت کە دەبێ دیموکراسی بپارێزرێت، بۆ نموونە بەدەنگدانت بەهێزێکی نادیموکراسی، ئەوا دیموکراسی بۆ هەتا هەتایە هەڵدێتو تۆش لەژێر زەبرو ستەمی دەسەڵاتێکی ستەمکاردا بۆ هەمیشە دەنقێنی.

خەڵکێکی زۆر لەڕۆژی دەنگداندا دەڕۆنە بەر سندوقی دەنگدانو دەنگ ئەدەن لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوایە، کەسێک دەمانچەیەکی بەدیاری پێبەخشیون، یان بەرپرسێک تەوقەی لەگەڵا کردون، یان بۆ ئەوەی موچەکەیان نەبڕێت، یان سەر بەعەشیرەتی فلانن، چەندە بنەمای نادیموکراسی تری لەم شێوەیە. هەڵسوکەوتی لەو جۆرە کارێکی نائەخلاقیانەیە، پێش هەموو کەسێک بەرامبەر بەخۆتو ئینجا سەرتاپای کۆمەڵگا. لەکاتێکدا تۆ ئامادەی واز لەخۆتو لەکۆمەڵگا بێنیت بۆ ئەوەی دەستکەوتێکی بچوکی کاتیت دەستکەوێت، ئەوا بەبانگی محەمەد هاوار ئەکەیت کە تۆ هیچ گرنگیەک نە بەخۆتو نەئەوانی تر نادەیت. بەهیچ شێوەیەک بیر لەداهاتوو ناکەیتەوە، هەرچەندێک خەڵک کوژراون، ئەنفالکراون، کیمیابارانکراون، هیچ نرخێکیان نیە، نە بە بیرو نە بەخەیاڵتا نایەن، بەڵاتەوە گرنگ نیە.